ژمارەی کوژراوانی غەززە گەیشتە 23 هەزار کەس

ژمارەی قوربانیانی هێرشەکانی سوپای ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە بەرزبووە بە 23 هەزار کەس.

ئەمە شەممە، وەزارەتی تەندروستی فەلەستین رایگەیاند، تادە بەهۆی هێرشەکانی سوپای ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە ژمارەی کوژراوان و بریندارانی زیاتر بەرز دەبێتەوە و لە هەمان کاتدا وەرزی زستان زەحمەتی زیاتری بە خەڵکی کەرتەکە دروست کردووە و برسییەتی زۆریش روو بەووی دانیشتوان بووەتەوە.

وەزارەتی تەندروستی فەلەستین ئاماژەی بەوە کرد، بەهۆی هێرشە بەردەوامەکانی ئیسرائیلەوە کە لە 92ـەمین رۆژی دایە، ژمارەی کوژراوان بە 22 هەزار و 722 کەس بەرز بووەتەوە، هاوکات ژمارەی بریندارانی گەیشتووەتە 58 هەزار و 166 کەس. روونیشیکردووەتەوە 70%ـی قوربانییەکان منداڵ و ئافرەتن. باسی لەوەش کردووە، کە تا ئێوارەی ئەمە شەممە لانیکەم 15 هاووڵاتی فەلەستینی گیانیان لەدەستداوە